هاوپەیمانیی سەربەخۆییخوازانی کوردستان
Kurdistan Independence Alliance

- Date : 22/01/2022
- No : 09012022/HSK2

**پەیامی هاوپەیمانی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بۆ کۆنگرەی زارای نیشتمان - دیاکورد**

**بەڕێزان**

**ئەندامان و بەشداربوانی ئازیز**

**بەڕیوەبەران و ئامادەکارانی کۆنگرەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا**

**ڕێکخستن و هاوئاهەنگی نێوان ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە ئاستی دەرەوە و ناوخۆ هەنگاوێکی پیرۆزە و دەبێتە هۆی یەکریزی، تەبایی و یەکگرتوویی و پتەو بوونی ناو ماڵی کورد ، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەنگاوی ئیوەی تێکۆشەر کە دەستپێشخەریتان کردووە و کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا- دیاکوردتان لە ژێر ناو ناونیشانی کۆنگرەی زارای نیشتمان ڕێکخستووە ، جێگەی دەستخۆشی و ماندوو نەبوونیە.**

**وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی زارای نیشتمان، رایدەگەیەنین کە هاو هەنگاوتانین و بێشک هەم ناونیشانی کۆنگرەکەتان و هەم دیاریکردنی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان وەک ڕۆژی دامەزراندن، هەر هەمووی ئاماژەیە بۆ نەتەوەیی بوون و نیشتمان دۆستیتان و هەم پێکهێنانی وەها هەلێک کە سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییە کوردسنانیەکان بتوانن لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش و کۆنفیدراسیۆنێک دا کۆ بکرێنەوە ، نیشانەی دڵسۆزی و بە خەم بوونتانە بۆ نەتەوە و نیشتمان.**

**گەرمترین پیرۆزبایتان پشکەش بێ و سەرکەوتنتان ئاواتمانە**

**هاوپەیمانی سەربەخۆییخوازانی کوردستان**

**٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢١ی کوردی**

**٢٢ی ژانویەی ٢٠٢٢ی زایینی**

www.kurdhsk.com
Kurdistan Independence Movement BSK
Email: hskalliance@gmail.com